# رزگار عومەر: ئێمە لە کۆڵانێکدا دوور لە سایتەکانی تر دەمانەوێ بوونمان مانایەکی هەبێ



گۆڕینی ڕۆژنامەی کاغەز بۆ ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی ئەزمونێکی نوێی ڕۆژنامەنوسیە بۆ ئێمە، بەڵام ئەزمونێك خاڵی نیە لە هەڵە و کەموکوڕی بەوەی ئەو ئەزمونە لەناو دەمارگرژیەتی سایکۆلۆژی و هەستی تۆڵەکردنەوە و جنێو دان دەربازی نەبووە، بۆ ئەوەی بتوانین لە نزیکەوە گفتوگۆیەك لەم بارەیەوە ئەنجام بدەین، کۆمەڵێك پرسیارمان خستە بەردەمی (ڕزگار عومەر) ی ئەندامی دەستەی بەڕێوبەری سایتی دەنگەکان:

* با سەرەتا لە دەست بەکار بوونی دەنگەکانەوە دەست پێ بکەین، ئەم سایتە چۆن دەستی پێ کردو گەیشتە ئەم ئاستەو جێگەو ڕێگەی لە میدیای ئەلیکترۆنی ؟

- چوار ساڵ لە مەوبەر، واتە لە ساڵی ٢٠٠٢ کاك "گۆران عەبداللە" سایتەکەی دامەزراند ئێستاش وەکو دامەزرێنەرو ڕێکخەری گشتی سایتەکە لە گەڵ من و" شلێر ڕەشید " سایتەکە بەڕێوە دەبات. مێژووی گەشەو دەست پێ کردنی دەنگەکان بە بێ هیلاکی و شەونخونی بەردەوامی کاك گۆران قەت مەیسەر نەدەبوو، چونکە کە ئەو دەستی پێ کرد لە باری تەکنیکی و پێویستیەکانی ترەوە ڕێگری زۆر لە بەردەم بوو، هەر خۆی سەرەڕای مەسئولیەتی خێزان و ژیان و گوزەران، بە وەرگرتنی کۆرس و پەسەپۆرتی تەواوی شلێر خان توانی هەنگاوی یەکەم و بناغەی پتەوی دەنگەکان جێگیر بکا، بناغەیەك کە هەر لە سەرەتادا بە ئاوازێکی سەربەخۆ و جیاواز لە سایتەکانی تر مامەڵەی لە گەڵ دونیای میدیادا دەکرد .

* باس لە جیاوازی دەنگەکان دەکەی لە گەڵ سایتەکانی تر، کامەن ئەو جیاوازیانەی کە یارمەتیدەر بووە دەنگەکان بە کۆمەڵێ تایبەتمەندی بناسرێتەوە لە چاو مینبەرەکانی تر ؟

- دیارە چ گۆران چ من لە مینبەری جیاوازەوە بۆ وەڵامی پرسیاری هاوچەشنی ئەم پرسیارەی ئێوە چووینەتە وەڵام و قسە لە سەر ئەم جیاوازیانە، بەڵام ئەمڕۆ ئەم پرسیارە گرنگیەکی تری هەیە بۆ ئێمە، چونکە جێگەو ڕێگەیەك کە دەنگەکان ئەمڕۆ گرتوویەتی لە گەڵ تموحاتێك کە بۆ ئایندەی خۆی دیاری کردووە لەوە جدی ترە کە خۆمان بە ووردەکاری وەڵامەکانی پێشومان ببەستینەوە. ئێمە ئیش کردنمان لە مرۆدا، هەڵوێستە ڕەسمیەکانمان، ستراتیژمان هەمووی پشتی بە ئەجێندایەك بەستووە کاتی ئەوەی نیە جارێکی تر جیاوازیەکانی خۆمان لە گەڵ مینبەرەکانی تردا بەراوورد بکەینەوە . خوێنەری سایتەکانیش کاتی ئەوەیان هاتووە ئەم شێوەیە لە مامەڵە و پرسیار لە جیاوازیەکان وەلانێن! پرسیار دەبێ لەوە بێ کێ خۆی بە شەریکی پرۆژەیەك دەزانێ کە پێش هەموو شتێك ڕێز لە پەیام و چۆنیەتی بە کارهێنانی شارستانیانەی میدیا بگرێ؟ ئێمە وەکو دەستەی بەڕێوەبەری دەنگەکان تاقەتمان لەوە چوو ڕۆژانە دەیان نووسین ڕەفز بکەینەوە وسایتەکانی تریش بێ خەم لەوەی چ میدیایەك دەخوڵقێ بڵاوی بکەنەوە، ئیحساس کردن بە لێپرسراوێتی لە بەرامبەر چ دەرخواردی خوێنەران دەدەی، پێش ئەوەی پێویستی بە پسپۆڕی یان بە شەهادە بێ لە مەیدانی میدیادا، پێویستی بە پاکیە، پێویستی بە زمانێکی شارستانی و پشتێنەیەکی ڕۆشنبیری هەیە کە لە سایەیدا بابەت بنووسرێ و بڵاوبکرێتەوە. بەداخەوە تا ئێستاش خوێنەرانێکی بەرچاو پشت لەو سایتانە ناکەن کە لە دونیایەکی تەسك بیندا، فێری شەڕە جوێنیان دەکەن، فێریان دەکەن بێ پەروا بەرامبەر بە دونیا و بەرامبەر بە ئینسان توند و تیژ بن، فێریان دەکەن لەزەت لە یەکتر شکانەوە، لە خەرمانێکی گەورەی قسەی سواوی ڕۆژانە ببینن .

دەنگەکان بە هیچ نەناسرێتەوە بەوە دەناسرێتەوە کە دەنگی ئەنتی توند و تیژیە، دەنگێکە پۆلێك لە نووسەرانێ جدی و باش بابەتەکانیان تەنیا لەوێ بڵاو دەکەنەوە، سایتی دەنگەکان نموونەیەك بووە بۆ هێشتنەوەی متمانە بە ئایندەی میدیای ئەلیکترۆنی، بۆیە دەنگەکان پێویستی بەوە نیە پێشبڕکێ لە گەڵ ئەو سایتانە بکات کە ١٠٠٪ بە پێچەوانەی ئێمە ڕێ دەکەن، ئێمە لە کۆڵانێکی تر دوور لەوان دەمانەوێ هەبوونمان مانایەکی هەبێ .

* باس لە تموحات و لە ئایندە دەکەی، دەنگەکان ئیش بۆ کام ئایندە دەکات؟

- ئەم تموحاتە زۆر مەیدان دەگرێتەوە. من بۆ ئەوەی لە ئێوە و لە خوێنەران درێژی نەکەمەوە، بە کورتی دێمە سەر ئەو خولیاو ئەندێشانەی وا بە جدی کاری بۆ دەکەی، دیارە ئێوەش وەکو ئێمە شارەزان لە بواری ڕۆڵی میدیا لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئێمە لە ڕێگەی میدیای ئەنتەرنێتەوە دەمانەوێ هاوشانی ئەو گەشە گۆڕانکاریانە بین کە لە ئێستادا وا دەرز دەخاتە نێوان پێکهاتەو کولتوری کۆمەڵگەی کوردی. کاریگەری سەتەلایت و مۆبایل زۆر گۆڕانکاری و شۆکی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا ڕاکێشا. ئەنتەرنێتیش بە هەمان شێوە ڕۆڵێکی وای لە بەردەمە، ڕووی ئەم ڕۆڵە بۆ ئێمە گرەوێکە پرۆژەی ڕۆشنگەری و دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی ڕێی تێدەچێ بیباتەوە، ئامانجمانە و دەمانەوێ بەشێك لە لایەنی گەش و پۆزەتیڤی ئەم ڕۆڵە بین. ئێمە لەو باوەڕەین پانتایی و سێرڤیسی ئەنتەرنێت لە کوردستان زۆر لەوەی کە ئێستا هەیە گەورەتر دەبێ، هەرزانتر دەبێ، کۆمەڵایەتی تر دەبێ. هاتنی مۆبایل لەباری مێژوویەوە بۆ نێو کۆمەڵگەی کوردی، ڕێگریە تەکنیکی و ئابوریەکانی زۆر کەم ڕەنگ بۆتەوە. بۆیە وا ئێستا ئێمە خەریکی ژماردنی لایەنی باش و لایەنی خراپ و شۆکە کۆمەڵایەتیەکانی بەکارهێنان و جێگەوتنی ئەو ئامێرەین. ئەنتەرنێت ئێستا لە کوردستان لە باری مێژوویەوە بە پێچەوانەی مۆبایل، هێشتا ڕێگریە ئابوری و تەکنیکیەکان بەربینی گرتووە. هەر کاتێ ئەو ڕێگریانە نەمان ئینجا دەبینی چۆن ئەنتەرنێت بە چاك و بە خراپ دەقاتی خێرایی مۆبایل ئەم کومەڵگایە دەهەژێنێ. ئێمە پێشبینیەکی وامان هەیە لە ٣ ساڵی داهاتوو ئەنتەرنێت دەبێتە دیاردەیەکی گەورە لە کۆمەڵگەی کوردی. جا لەماوەی ئەم وەرچەرخانەدا ئەگەر دەنگەکان زیاتر لەوەی ئێستا هەیەتی، متمانەی دەیان پۆلی تازەی خوێنەرانی دروست کردبێ، ئەوسا دەبینین لە پاڵ جدی بووندا چۆن پرۆژەی فیکری و ڕۆشنبیری دەتوانی جێکەوتە بێ !

* مەبەستت لە ڕێگریە ئابوری و تەکنیکیەکانی بەردەم ئەنتەرنێت چییە؟

- بۆ ئەوەی ئاکامەکانی جێکەوتە بوونی ئەنتەرنێت بە سەر کۆمەڵگادا ببینی، دەبێ زۆرترین ژمارەی دانیشتوان و جەماوەر لە توانایاند هەبێ دەستی بۆببەن و بە کاری بێنن. لە کوردستان ئێستا ئەگەر بتەوێ جۆرێك لە سێرڤیسی ئەنتەرنێت هەبێ لە ماڵەکەت لە ئاستی High Speed بێت و سودی عەمەلی لێ ببینی، دەبێ لەتواناتدا هەبێ پێشەکی ١٥٠$ بدەیتە کۆمپانیاکەو مانگانەش ٣٠$ بدەیت، ئێستا لە خودی کەنەدا و ئەمریکا هەمان سێرڤیس بە هەرزانتر لەو پارەیەی کوردستان دەست دەکەوێ، جۆری تر هەیە لە سێرڤیس کە خێرایەکەی هاوشانی خێرایی Dial up کە دەتکوژێ تا دەگاتە کردنەوەی سایتێك، کردنەوەی ئیمێل و ناردن و وەرگرتنی Attachment و فایل هەر لێت دەبێ بە خەون، ئەم سێرڤیسەش لە ڕێگای بە کارهێنانی کارتی تەلەفۆنەوە دەبێ، ئەم کارتانە بە ٨٥٠٠ دینارە و بە خێرایەکی زۆر یەکەکانی تەواو دەبێ، مەکتەبەکانی ئەنتەرنێتیش سەعاتی بە ٢٠٠٠ دینارە، کە ئەم پارانە لە مرۆی کوردستاندا کەم نیە .ڕێگریەکی تر توانای کڕینی کۆمپیوتەرە، ئێستا بە ئاسانی دەتوانی بڵێ ی لە ٧٠ تا ٨٠٪ خەڵکی کوردستان لە نەوەی جیاوازەوە : مندال، هەرزەکار، گەنج و پیر مۆبایلیان هەیە یان بەهرەمەندن لە بەکارهێنانیدا، بەڵام تۆ ناتوانی و دڵنیانی لەوەی لە ١٥٪ خەڵکی کوردستان کۆمپیوتەریان هەیە لە ماڵەوە یان بەهرەمەندن لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەردا یان بەهرەمەندن لە بەکارهێنانی ئەنتەرنێتدا، ئەوانیشی کە بەکاری دێنن دەستیان پێ دەگا زیاتر ئەو گەنجانەن کە بەشی زۆریان لە ڕێگای chat کردنەوە سەعاتەکانی بە کارهێنانی ئەنتەرنێت بەسەر دەبەن . ڕێگریەکی تر کە تەواو سەرەکیە بریتی یە لە کێشەی کارەبا، ئەنتەرنێت لە وولاتێکدا جێکەوتە نابێ ئەگەر ئەو وولاتە کێشەی کارەبای هەبێ، بەڵام ئەم ڕێگریانە پێشووتریش لە شێوەی تردا لە بەردەم سەتەلایت و مۆبایل دا هەبووە، بەڵام بە حوکمی پێویستیەکانی ژیانی ئابوری و بازاڕ و ئەم ڕێگریانە نەمان یان زۆر کەم بوونەوە، کێشەی کارەباش ئێستا لەوە دەرچووە کە تەکنیکی بێ، لە کوردستان کێشەیەکی سیاسیە و بەپێی ئەو ڕاپۆرت و تەسریحاتەی لێپرسراوانی دەوڵەت و ڕۆژنامەکان دەیدەن لە ٣-٤ ساڵی تر ئەم کێشەیە وا چاوەڕوان دەکرێ حەل ببێ، نموونەش بۆ ئەوە کارەبای پارێزگای دهۆکە، کە لە ڕێگای کڕینی کارەبا لە تورکیا ئێستا ڕۆژانە تەنیا ٢ سەعات کارەبا نیە.

* لە ساڵانی ڕابردوو وا هاتۆتە بەرچاو، کە میدیای ئەلیکترۆنی کوردی دەنگی ئەنتی دەسەڵاتی کوردیە ؟

- خەڵکێکی زۆر وا بیر دەکاتەوە، بەشێکی گەورە لە نووسەرانی نێو سایتەکان، خوێنەرانێکی زۆر، دەسەڵاتدارەکان خۆیان هەموویان وابیر دەکەنەوە. ئەم قەناعەتە بەربڵاوە لە خۆڕایی نیە، دیارە زەمینەیەکی واقیعی هەیە، بۆیە وا دروست بووە. من دەمەوێ لە سەر ئەوفاکتانە بدوێم کە وای کرد سەرهەڵدانی میدیای ئەلیکترۆنی کوردی لە قۆناغی سەرەتای خۆیدا هەڵگری ئەو سیفەتی ئەنتی دەسەڵاتە بێ. یەکەم فاکتەر : مەسەلەیەکی دیموکراتیە. لە کوردستان لە باری قسە کردن و ڕەخنە گرتن لە ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی، بە تایبەتی لە کاتی گەرم بوونی بەرامبەرکێ و خۆ پیشاندانەکان، یان لەباری ڕەخنە گرتن لە کەسایەتیە حیزبی و دەسەڵاتدارەکان، ئازادترین و سەلامەترین مینبەر ئەنتەرنێتە. دووەم فاکتەر : کورد لە دەرەوە جا چ نووسەربێ چ خوێنەربێ ئەو وەسیلەی عەمەلیە بۆ دروست بوو کە تەدەخول لە ژیانی سیاسی کوردستان بکات و دەرفەتی هەڵوێست دەربرینی بۆ دروست بووبێ. سێیەم فاکتەر : بریتی یە لە ئانارشیزمێکی گەورە لە دیدگاو شێوەی بەڕێوەچوونی سایتەکان، کە هەر نووسینێك دژ بەدەسەڵات نووسرابێ، بە چاوپۆشین لەوەی چەندە بێ بەهاو نازانستیە بڵاو دەکرایەوە. دەتوانم لە ئەرشیفی کارکردنی خۆمان سەدان نووسینتان بۆ بێنمەوە کەدژی دەسەلات نووسراوە ئێمە بلاومان نەکردۆتەوە، نەك لە بەر ئەوەی ئێمە ویستومانە ڕەخنە لە دەسەڵات نەگیرێ، بەڵکو ویستومانە ڕەخنەی زانستی و ئسولی لێ بگیرێ.

ئێمە هەر زوو دەرکمان بەو سروشتی" ئەنتی دەسەڵاتە " ی میدیا کوردی کردووە لە ئەنتەرنێتدا، بۆیە بۆ ئەوەی خۆمان جیا بکەینەوە لەو تەپ و تۆزە بێ سنوورە، ناسنامە و پرەنسیبی بڵاوکردنەوەمان داناوە و وەکو فلتەرێك بۆ هەڵبژاردنی بابەت کاری پێ دەکەین،هەروەها هەڵوێستە ڕەسمیەکانی سایتەکەمان بەئیمزای دەستەی بەڕێوەبەر بڵاودەکەینەوە. ئەنتی دەسەڵات بوون بوو بە بیانوویەکی گەورە بۆ پەرە پێدانی ئەدەبیات و میدیایەکی بێ ڕەزا و بێ کاریگەر، ئێمە پێمان وایە بە تەنها ئەنتی دەسەڵات بوون بەو شێوەیەی گوزەراوە کلیلی میدیایەکی سەرکەوتوو نەبووەو نابێ .

# بسکاتۆر و شانۆی سیاسی

**(١-٢)**



ئا/ کۆسرەت عەبدولرحمان

یەکێکە لە گرنگترین دامەزرێنەرانی شانۆی ڕامیاری لە ئەڵمانیا، ئەروین بسکاتورە لە ساڵی ١٨٩٣ لە هەرێمی (هس) هاتۆتە دنیاوە، تاوەکو تەمەنی (٥) ساڵی ئەو هەرێمەی جێنەهێشتوە و لە دواییدا لەگەڵ باوکی بەرەو شاری (ماریۆگو) هاتوون کە شارێکی بە کارەسات و ناخۆشی بوو کە لەناو کرێکاران و هەژاران و نەدارانی ئەو شارەدا ژیاوە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لەو شارەدا تەواو کردووە.

بسکاتۆر هەر لە منالێیەوە هۆگرو خولیای هونەری شانۆ بوو، بەڵام کەس و کارەکەی بەرپەرچی ئەم کارەیان داوەتەوە بە تایبەتی باوك کە دەیویست زیاتر بەلای ئاین دا بیکێشێت، بەڵام بسکاتۆر هەر سور بوو لەسەر ئەم خولیایەی، لە ئەنجامدا بەرەو شاری مۆناکۆ کەوتۆتە ڕێ، بۆتە قوتابی لە قوتابخانەی (گدنگ) کە تایبەت بووە بە کاری نواندن، پاشان وەك ئەکتەرێك لە شانۆی (هۆفتێری) دەمەزراوە، بەڵام بەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم دەرگای ئەم شانۆگەریە داخرا.

بسکاتۆر لە کتێبێکی دا بەناوی (شانۆی ڕامیاری) کە لە ساڵی ١٩٢٩ نووسیویەتی دەڵێ: ژیانی ڕاستەقینەی من لە ڕۆژی ٤ ئابی ساڵی ١٩١٤ دەستی پێ کرد، ئەو گەرانە وای لێ کردم کە هەست بە لێپرسینەوە بکەم بەرامبەر بە کۆمەڵەکەم، لەهەمان کاتیشدا هەست بە بوونی خۆم بکەم. لە ساڵی ١٩١٥ بسکاتۆر بوو بە سەرباز لە لەشکری ئەڵمانی، پاش ماوەیەك دەگوازرێتەوە بۆ شانۆی سەربازی لەوێ خۆی دەناسێنێ بە یەکێك لە گەورە ڕابەرانی شانۆی ئەڵمانی کە ئەویش وەك سەربازێك گواسترابۆوە بۆ ئەو شانۆیە.

لە ساڵی ١٩١٨ خۆی گەیاندۆتە بەرلین، لەوێ بەیەك جاری ئەگاتە ئەو ئامانجەی کە ناتوانێت دوور بێت لە کێشەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوە بایەخی داوە بە جیاکردنەوەی وشەی هونەر لە ڕامیاری. نەشی دەویست تەنها دەوری هونەرمەندێك ببینێت، بەڵکو دەیویست دەوری مرۆڤێکی ڕامیاری ببینێ لە تێگەیاندنی مەسەلەی چینایەتی و هوشیار کردنەوەی جەماوەر. شۆڕشی ئۆکتۆبەر و شانۆی شۆڕشگێڕی ڕوسی کارێکی زۆریان لە ڕێبازەکەی کردووە لە بەرز بوونەوەی ئاستی تێڕوانینی خۆی لەهونەری شانۆدا، بە گشتی وای کردووە کە شتێکی نوێ بهێنێتە کایەوە لەم ڕووەوە بسکاتۆر دەڵێ (هەموو ئەو ڕێگایانەی کە لە تەکنیکدا بەکارم هێناوە تەنها لە پێناوی داهێنانی نوێ دا نەبووە، بەڵکو گرنگی دانم بە تەکنیك دەگەڕێتەوە بۆ بەرەو پێش چوونی ئاستی مێژوویی تەختەی شانۆ)

بەرهەمەکانی بسکاتۆر

بسکاتۆر لە ساڵی ١٩٢٠ لە شانۆیەك لە شاری هامبورگ دامەزرا بەو نیازە بوو کە شانۆی (لۆتۆلێر) پێشکەش بکات، بەڵام بواری ڕامیاری بواری نەدا ناچار بوو پەنا بباتە بەر شانۆگەریەکانی (سترنبێرگ-ئۆتێل) بەڵام ئەم شانۆگەریانەش ئەوەندە ناخایەنێت دادەخرێن، لەلایەن دام و دەزگاکانی دەوڵەتی ئەڵمانیاوە. بەڵام بسکاتۆر دوای ئەمانەش هەر کۆڵ نادات دەگەڕێتەوە بۆ بەرلین خۆی بۆ ئەو شانۆگەریانە تەرخان دەکات کە تایبەتن بەچینی کرێکاران، لە ساڵی ١٩١٩ لەڕووی ئەم شانۆییەوە دەڵێ ((شانۆ پێویستە لە خزمەت جموجۆڵی شۆڕش دابێت)).

بۆ بەدی هێنانی ئەم ڕێبازەشی بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٢٠ (دوژمنانی) گۆرگی پێشکەش کرد ئەم شانۆیەش وەك هەموو بەرهەمێك و کارێکی ئەزمونگەری بووە هۆی توانج و ڕەخنەیەکی زۆر، بەڵام هەرچەندە ڕەخنەگرەکان زۆر توند و تیژ ڕووبەڕووی بەرهەمەکەی بونەوە، بەڵام کاری ڕەخنە و ڕەخنەگران نەیان توانی کاری تێبکەن.

لەساڵی ١٩٢٣ بە یارمەتی نووسەر (ڕایف- L-H) بەڕێوبەرایەتی شانۆی ئەڵمانی ئەگرێتە ئەستۆ بۆ پێشکەش کردنی بەرهەمەکانی، لەم شانۆیەدا زیاتر شانۆکانی (گورگی، ڕۆلان، تۆلستۆی) تیا پێشکەش دەکرد، ئەم شانۆیە تەنها لە بەرلین هەبوو دوای کارەکانی بسکاتۆر لقی ئەم شانۆیە هەموو شارەکانی تری گرتەوە، تا ژمارەی گەیشتە (٣٠٠) شانۆ لەشارە جۆر بەجۆرەکانی ئەڵمانیا.

لەساڵی ١٩٢٤ بسکاتۆر شانۆی گەلی بەرلینی جێ هێشت لەهەمان ساڵدا شانۆگەری (ئەیوت-P-A) پێشکەش کرد، کە ئەم شانۆیە دەربارەی مانگرتنی چینی کرێکارانی شیکاگۆ بوو بەرامبەر بە خاوەن کارگەکان.

تێکستی ‘ئەم شانۆگەریە زیاتر دەقی (بەڵگەنامەیی) لەخۆ گرتبوو، لە هەندێ مەرجەکانی دراما و شانۆگەریە تەقلیدیەکانی بەدەربوو لەبەر ئەوە بۆ دەرهێنانی ئەم شانۆگەریە پەنای بردۆتە بەر چەند وێنەیەکی دڵتەزێن و فیلمی ئامادە و تۆمار کراو کە لەگەڵ نمایشەکەدا گونجاو بێ، ئەم بەرهەمەی بسکاتۆر لەڕووی مێژوویی شانۆوە بەیەکەمین شانۆگەری دادەنرێت کە سینەمای تێدا بەکار هێنرابێ لەم قۆناغەدا شانۆگەرییەکانی بسکاتۆر زیاتر مۆرکی (فێرکردنی به خۆوه) گرتبوو که (برێخت) پێش بسکاتور ئەم جۆرەی لە شانۆدا هێنابووە کایەوە، بەڵام هێشتا نەکەوتبووە قۆناغی بەرهەم هێنان و پێشکەش کردنەوە، بسکاتۆر ئەم شێوازە ئەدەبییەی بە ڕێگای نوێ لە دەرهێناندا خستە سەر تەختەی شان، دوای ئەم کارانەی جێ پەنجەی خۆی کردەوە، لە شاری برلین نیشتەجێ بوو وەك دەرهێنەرێکی سەرکەوتوو ناوبانگی دەرکرد.

بسکاتۆر لە سالی ١٩٢٥ کەوتە کۆکردنەوەی ئەو باس و وتارە ڕامیارییانەی کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کرابوونەوە لە گەڵ ناوی گەورە پیاواندا و وێنەی وێنەگران و فیلمی سینەمایی کە لە جەنگ و شۆڕش و پیاوە مێژووییەکان دواوە و بە شێوەیەکی زۆر سەرکەتووانە لە یەکەیەکی دراماتیکیدا کۆی کردەوە، لە ئەنجام دا وەك بەرهەمێکی شانۆی سەرکەوتووی ئەو ڕۆژگارە پێشکەشی جەماوەری شانۆی کردووە.

لە ڕوانگەی ئەم بەرهەمانەوە بسکاتۆر بینەری ڕووبە ڕووی شانۆیەکی کاریگەر کردووە. کە توانی بووی لە نواندنی ئەکتەرەکان و ئەو فیلمانە لە یەکەیەکی درامی و هونەری وا کۆبکاتەوە بۆ نموونە لە کاتێێکدا کە کارەکتەرەکان لە سەر شانۆ بە پێی دیمەنەکە مەدالیای سەرکەوتنی پێ دەبەخشین و دوا بە دوای ئەمە ئەو ڕووداو و فیلمانەی پیشان دەدا کە دەربارەی جەنگ و لاشەی کوژراو کە لە گۆڕپانی جەنگەکاندا فڕێ درا بوون، کە ببوونە تەواو کەری لۆژیکی لە کارەکانیدا ئەمانە وایان لە بینەر دەکرد کە هەست و سۆزیان بجۆشێن و هەست بە بوونی مرۆڤایەتی بکەن.

(مایر هۆڵد، تایرۆڤ) کە دوو ڕابەری ئەزموونگەری بوون لە شانۆی ڕووسی دا کە ئەو کاتە شانۆی ڕووسی کارێکی زۆری کردبووە سەر شانۆی ئەڵمانی. شێوازی ئەم دوو دەرهێنەرە لە ڕووی بە کارهێنانی شێوەکانی هۆڵ و هەروەها شێوە جۆر بەجۆرەکان و ئەندازەکانی شانۆ و بە کارهێنانی مەستەبات وەك شێوازێکی دەرهێنان کارێکی زۆریان کردبووە سەر شێوازی دەرهێنانی لای بسکاتۆر.

لە ساڵی ١٩٢٦ بسکاتۆر شاکارەکەی شێلر بەناوی (دزەکان) بە شێوەیەکی نوێ پێشکەش کرد و ئەم کارەی بە کارێکی پێشکەوتوو دەژمێردرێت لەو مەیدانە نوێیەی کە بسکاتۆر گرتبوویە بەر، چونکە هیچ دەرهێنەرێك بیری لەو کارە نەکردبووە، کە تێکستی کلاسیکی بە شێوەی بسکاتۆر پێشکەش بکات، ئەم تاقی کردنەوەیەی بووە دروست بوونی ڕەخنە و گفتوگۆ کە کاری کردە سەر هەموو هونەرمەندانی شانۆ.